## ئەو کاتەی حکومەت گەندەڵ بوو، سەربەخۆیی شتێکی مەحاڵە

### مەسعود عەبدولخالق:

# نابێ پیاوەتی ئەمریکا لەبیر بکەین

- موحسین شوانی

نووسەرو ڕۆژنامەنووس مەسعود عەبدولخالق لەساڵی ١٩٥٧ لە مەخموور لەدایکبووە، قۆناغەکانی سەرەتایی تا ئامادەیی لەهەولێرو مەخموور خوێندوە، زانکۆی سلیمانی تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەشۆڕش کردووە، دواتر لەشۆڕش دابڕاوە، ماجستێری لەبەریتانیا وەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٨٧ خێزانی پێکهێناوە، ئێستا سەرنووسەری ڕۆژنامەی ستاندەرە، لەهەولێر دادەنیشێت.

### کورد جارێ ئامادە نییە بۆ سەربەخۆیی

سەربەخۆیی مافێکی تەواوی هەموو نەتەوەیەکە، ئەمە بەگوێرەی قانونی دەولیو، بەپێی مەقاسیدی نەتەوەیەکگرتوەکان، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین میللەتانی جیهان بۆ سەربەخۆیی دوو گیروگرفتیان لە بەردەم بوو، یەکەمیان داگیرکار، دوو پەیڕەونەکردنی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام ئەمڕۆ بۆ کورد فاکتەرێکی تریش هەیە کە ڕێگرە لە بەردەم ڕزگاری کوردستان ئەویش فاکتەری ئیقلیمیە، چونکە کوردستان دابەشکرایە بەسەریاندا، ئەو وڵاتانە ئامادەن هەموو ناکۆکیەکی نێوان خۆیان ڕاگرنو هاوکاری یەکتر بکەن. بۆیە ئەگەر ئێمە بەتەمای سەربەخۆیی بین ئەوا دەبێت لایەك لەو وڵاتانە مسۆگەربکەین، بۆ پرۆژەیەکی وەها گەورەی وەك سەربەخۆیی زۆر ئەستەمە بەوجۆرە حیزبە گەندەڵانەو حکومەت گەندەڵ، ئابووری تێکشکاوە، سیستەمی سیاسیو ڕاگەیاندن هیچی وەك پێویست نییە، ئەگەر داوای سەربەخۆیی بکەین لەم قۆناغە بە سێ ڕۆژ ئابلۆقە هەموو کوردستان لە برسان دەمرن.

### کورد ستراتیجییەتێکی نییە لەسەری بڕوات

هەموو کات پێویستە کورد دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا بکات "سەردانی سەرکردە سیاسیەکانی کورد بۆ ئەمریکا زۆر باشە، چونکە ئەمەریکا چاکەو پیاوەتیەکی زۆر گەورەی لەگەڵ ئێمەی کورد کردووە، تادونیا ماوە هەقوایە ئێمەی کورد ئەوە لەبیر نەکەین، نەك کورد بەڵکو گەلی ئێراقیش بەتایبەتی لایەنە ئیسلامییەکان هەقوایە لەهەموو لایەك زیاتر سوپاسی ئەمریکا بکەن، لەبەرئەوەی ئەو سیستەمەی کە بەعس دروستی کردبوو بەئەمریکا نەبوایە بەکەس لانەدەچوو"، لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئەوەی ڕوون کردەوە کە "دەوڵەتی ئێراق تاکە دەوڵەتە، دەولەتێکی عەلمانی کە بە یاسا حوکمی لە سێدارەدانی ئەوکەسەی دەرکردبوو کە ئینتیمای ئیسلامی بکات، هیچ شتێك لەوە خراپتر نییە کە بەیاسا ئەو بڕیارە دەربکرێت". بەگوێرەی بۆچونەکانی مەسعود سیاسەتی کورد لەبەرامبەر ئەمەریکا لەچوارچێوەی دۆستایەتی کردنی لەگەڵ ئەمریکا تارادەیەکی باش ڕاستو دروستە، بەڵام ئەوەشی وت کە "کورد ستراتیجیەتێکی نییە لەسەری بڕوات".

### کورد لە عەلمانییەت زەرەری کردووە

زۆر دەمێکە گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کە کورد بەهۆی عەلمانیەت تووشی ئەم هەموو نەهامەتیەبووە، چونکە ئەوە زۆر ڕوونو ئاشکرایە، پێش ئەوەی عەلمانیەت بێت وەزعی کورد باشتربوو، بەتایبەت لەعەلمانیەتی بەشی ناسیۆنالیزمی، چونکە لەچوارچێوەی عەلمانیەت بەبێ شك دەربازبوونو ڕزگاربوون بۆ کورد نیە!.

دەبێ ئێمەی کورد لەسەر ئەساسێکی قوڵو درێژخایەن، هاوپەیمانیەتیو ستراتیژیەت دابڕێژین، نابێ بەسادەیی کاربکەین کە کام ئیش باشە یان خراپە، بەڵکو دەبێت تێڕوانینمان هەبێتو قوڵبببینەوە بە بەرنامەو پرۆژەی وڵاتان، بەتایبەت ئەوانەی دژی ئەو سنوورە دەستکردانەن، دەبێ لەگەڵ ئەو لایەنانە هاوپەیمانی دروست بکرێت، باشترین ستراتیجی بە بۆچوونی من لە ئیسلامیەکان چاکتر نییە، کە دەکرێ سوود لەوخاڵەوە وەربگرین".

### کوردو کەمە نەتەوەکان

میللەتی کورد لەکۆنەوە بە پیاوەتیو دەست کراوەییو بە هانا هاتنو ڕاستگۆیی بەناوبانگ بووە، لەڕاپۆرتی لێژنەی تەحکیمی لە ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی ١٩٢٥ کە لێژنەیەکی دەولی نووسیویەتی تێیدا دەڵێت: بەدەگمەن میللەتی وەکو کوردمان نەبینیوە ئەوەندە باشبێت بەرامبەر کەمایەتیەکان، ئەمەش بەهاو قییەمی کورد بووە ئەوەی پاراستووە، خاکی داگیر دەکرا، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی، قەت دڵو دەروونی تاك داگیر نەدەکرا، ئێستاکەش هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، بارودۆخێکی وەهایان دروستکردووە، کولتوورێکی وەهایان هێناوەتە ئاراوە، کولتوورێکی ماددیو سەرمایەداری، سیستەمی ئێستا ژێرخانی کۆمەڵگای تەواو وێرانکردووە، ساڵانێکی زۆری دەوێ تا ئەو وڵاتە سەر لە نوێ بونیات دەنرێتەوە.

### هەقوایە سەرکردەکانمان لەداهاتوو بترسن

بەبیرم دێ جاشایەتیو خیانەت ئەوەندە عەیب بوو ئەوکەسەی ئەو ئیشەی بکردبایە ڕووی لەناو میللەت نەدەکردەوە، ئێستا ئەو شتانە هەمووی ئاسایی بووە، دەبینین یەکێك گەندەڵی دەکات، دزی دەکات، مەلەفی دەبێ، جاشو موستەشارو ئەنفالچیەکان هاتونەتەوە بەجلی کوردییەوە لەناو مەجلیس دادەنیشێ، خەڵك دەڵێن بوەتە پیاو، بەڕاستی ئەوەیان زۆر خەتەرە. وەك دەبینین ئەمڕۆکە لەژێر سایەی دەسەڵاتی خۆمان تەماتەو بیازیشمان نییە لەوڵاتان بۆمان دێت، ئەو بڕە پارەیەی لە بەغداوە وەردەگیرێتو دەکرێتە مووچە بەشی زۆری بۆ گەندەڵچیان دەڕوات، وەك دەرکەوتوە لە ٤٦٪ موچە خۆری کورد بن دیوارن! ئەگەر سەرکردەکانی کورد هەروابن ئەوا مێژوو زۆر بەخراپە لەسەریان دەنوسێت. هەقوایە خۆیان چاك بکەن ئەگەر دەیانەوێ مێژوو بەباشی لەسەریان بنوسێ.


مەسعود عەبدولخالق

### ٨٠٪ خەڵکی کوردستان نارازین:

لەکۆتایی قسەکانی مامۆستا مەسعود باسی لەوەکرد "دوای ساڵانێکی دیکە باوەڕم وایە ئەوکاتی سیستەمی دوو حیزبی نامێنێ، چونکە ئەم جۆرە سیستەمە زۆر دەوام ناکات زۆر بەکەمی دوو حیزب بەردەوام دەبن بێگومان بەدیلی تر دێن، وەك دەبینین ئێستا ٨٠٪ کورد ناڕازین لەودەسەلاتە".

# مەخموور ڕۆژانە یەك کاتژمێر کارەبای هەیە

## بەرپرسی فەرمانگەی کارەبا لە مەخموور: هیچمان بەدەست نییە

- محەمەد رەحمان شێروانی- مەخموور

لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە بە بەردەوامی مەخموور کێشەی کارەبای هەیە. تۆری کارەباکەی لە ساڵی ١٩٧٠ دروستکراوە، زۆربەی تۆرەکانی لەکارکەوتوونو بەکەڵك نایەنو پێویستیان بە چاککردنەوەو گۆڕین هەیە، ئەو بڕە کارەبایەی لە وێستگەی ١٣٢ی گەیارەوە دێت بەشی مەخموور ناکات.

فەتاح ئیسماعیل بەرپرسی فەرمانگەی کارەبای مەخموور لەسەر ئیدارەی هەولێر دەربارەی کێشەو گرفتی کارەبا لە مەخموور وەلامی پرسیارەکانی دەنگی مەخموور دایەوە.

*** دەمانەوێ بزانین کێشەی سەرەکی کارەبای مەخموور چیە؟**

- کێشەی هەرە سەرەکی شارۆچکەی مەخموور لەڕووی کارەباوە نەبوونی وێستگەیە، ئەگەر ئەو زستانە وا بڕوات ڕەنگە توشی کێشەیەکی گەورەتر بین ئەویش لەکارکەوتنی محەویلەکانە کە دەبێتە هۆی پچڕانی کارەبای مەخموور. ئێستاکە ئێمە (٣) فیدەرمان هەیە، کارەبای فیدەرەکان لەباری خۆی زیاتر پێویستە. کەواتە لە دوو لاوە کێشەمان بۆ دروست بووە نەبوونی فیدەر لە ناو وێستگەو ژمارەی ئەو محەویلەکانە ژمارەیان کەمو قەبارەیان بچووکە، ناتوانن ئەو بڕە کارەبایەی پێویستە بۆ ئەم دەڤەرە دابین بکەن.

*** سەبارەت بە پرۆژەی نوێتان، بەتەمای چین؟**

- نۆژەن کردنەوەی تۆرەکانی کارەبا بودجەیەکی دیاریکراوی پێویستە، ئێمە یاداشتێکمان پێشکەش بە جێگری سەرۆکی حکومەت کردووە داوای نۆژەنکردنەوەی تۆری کارەباو دانانی تۆرێکی ڕووناکی بۆ ناو شارۆچکەی مەخموورکردووە، هەرچەند ڕەزامەندی جێگری سەرۆك وەزیران لە سەر داواکارییەکانمان وەرگیرایە، لەپاش دیراسەکردنو پوختە کردنی ئەو داواکارییانە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت. بۆیە ئێمە لەچاوەڕوانی ئەوەدایین.

هەروەها مەغدید سلێمان بەرپرسی فەرمانگەی کارەبای مەخموور لەسەر ئیدارەی موسڵ سەبارەت بەکارەبای مەخموور وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوە.


مەغدید سلێمان


فەتاح ئیسماعیل

*** سەرەتا کارەبای مەخموور زۆر بەباشی دەهات، بەڵام ئەمساڵ کارەبا کەمەو هۆکارەکەی چیە؟**

- خراپ بونی کارەبای مەخموور هۆکارەکەی لە وێستگەی ١٣٢ ی گەیارەیە کە کارەبانادەن، پێم وایە ئەوان سیاسیانە ڕەفتار لەگەڵ ئێمە دەکەن، ئەگینا بۆچی کارەبامان نادەنێ. گوندەکانی خۆیان بە بەردەوام کارەبایان هەیە، ڕۆژانە ١٨ تا ٢٠ کاتژمێر کارەبایان هەیە، بەڵام مەخموور لە (١) کاتژمێر تا دوو کاتژمێر کارەبای هەیە.

*** ئایا ئەو کارەبایە لە چ وێستگەیەك دێت و دەگاتە مەخموور؟**

- کارەبای مەخموور سەرەتا لە بێجی دەچێتە گەیارەو لە گەیارەش دابەش دەبێتو بۆ مەخمور و دەوروبەری دێت، لە بنەڕەتدا لە وێستگەی (توزخورماتوو) ئەوان ئەوبڕە کارەبایە دابەش دەکەن بۆنموونە ناوچەی گەیارە (٥٠) میگاواتە دابەش دەبێت بۆ هەموو وێستگەکان ئینجا وێستگەکان هەریەکەو بڕێکیان بەردەکەوێت. بەلام ئەوان کارەبای خۆیان بە بەردەوام دەدەن باری کارەبایەکە زیاد دەکەن لەو کارەبایەی کەوەریان گرتیە (وێستگەی تازە)ش هەڵدەستێت بەبرینی ئەو کارەبایە.

هەروەها ساڵح مدێدی کارپێکەری کارەبای مەخموور ئەوەی ڕوونکردەوە کە "هۆکاری کەمی کارەبای مەخموور لەنێوان وێستگەی ١٣٢و کۆنترۆڵی موسڵدایە، کەس نازانێت خەتای کامیانە، لەمەخموور ڕۆژانە لە٢٤ کاتژمێر تەنیا ١-٢ کاتژمێر کارەبا دەدرێتە هاووڵاتییان" ساڵح داوای لەبەرپرسانی ناوچەکە کرد چارەیەك لەوێستگەی کارەبای مەخموور بکەن، ئەگەرنا لەوەرزی زستان باری وێستگەکە قورس دەبێتو بەرگە ناگرێت.



### سوپاسنامە

**بەناوی ستافی ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ەوە سوپاسی هەموو ئەو لایەنو کەسانە دەکەین کە بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە (١)یەکی ڕۆژنامەکەمان پیرۆزباییان بۆ ناردووین، سوپاسی تێبینیو ڕەخنەکانیشیان دەکەین.**

**( دەنگی مەخموور )**

# مەخموور لەنێوان دوێنێو ئەمڕۆدا



**شاخەوان خالید**

دەڤەری مەخموور یەکێکە لەناوچە هەرە بەپیتو دەوڵەمەندەکانی باشووری کوردستان، ئەم شارە ڕەنگینە لەساڵی ١٩٢٧ بووەتە قەزاو سەر بەپارێزگای هەولێر بووە، لەهەموو ڕوویەکەوە هەماهەنگی ئیداریو سیاسیو کەلتووریو کۆمەڵایەتیو ئابووری لەگەڵ پارێزگای هەولێر هەبووەو ٦٧ کم لەهەولێر دوورە لەساڵی ١٩٩٦ ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بە بڕیارێك خستیە سەر پارێزگای موسڵ، قەزای مەخموور جگە لە ناوەندی قەزاکە سێ ناحیە لە خۆدەگرێ (قەراج، کەندیناوە، گوێر) کە دەڕواننە سەر پێدەشتی مەخموورو قەراجو کەندیناوە.

گەلێك بۆچوون لەسەر ناونانی مەخموور هەیە، بۆچوونێك دەڵێ لەوشەی (مەخمەر) هەڵقوڵاوە کە جۆرە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی سەرنج ڕاکێشە دواتر ناوەکە بووەتە مەخموور، بۆچوونێکی دی دەڵێ مەخموور لەسروشتی سیحراویو جوانی دەڤەرەکە هاتووە بەهۆی جوانی بەهاری ئەم ناوچەیە لە گوڵو گوڵزارەکەی خەڵکی مەست کردووە ئەم ناوەش بە درێژایی مێژوو لەسەر زارەوە بووەتە مەخموور ئەمەو گەلێك بۆچوونی دیکەش هەن. ئەم دەڤەرە بە درێژایی مێژووی تەمەنی دووچاری شاڵاوی نەهێشتنو سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەییو پاکتاوکردنی ڕەگەزی بۆتەوە، بەڵام خەڵکەکەی هەمیشە خۆڕاگر بوونە بەرامبەر شاڵاوەکانی داگیرکەرانو دوژمنانیو، شێلگیرانە بەرگرییان لە دەڤەرەکە کردووە.

دەڤەری مەخموور لەهەموو ڕویەکەوە دەوڵەمەندە لەڕووی کشتوکاڵییەوە بەیەکێك لەهەرە بەپیتترین ناوچەکان هەژمار دەکرێت ساڵانە گەر باران بەشێوەیەکی ئاساییو بە پێی پێویستی خاکیی ئەم ناوچەیە بباریّ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار تەن دانەوێڵەی لێدێتە بەرهەم بۆیە لەساڵی ١٩٧٨ لەلایەن کۆمپانیایەکی ڕووسی عەمبار (سایلۆ)یێکی فراوانی هەڵگرتنی دانەوێڵە لەشاری مەخموور دروستکرا، کەدەتوانێ نزیکەی ١٨٠ هەزار تەن دانەوێڵە لەخۆ دەگرێت .

مەخموور لەڕووی نەوتو گازەوە زۆر دەوڵەمەندەو سەدان بیرە نەوت لەم ناوچەیە دروستکراونو سەریان داخراوە کەزیاتر لە ٤٠٠ بیرە نەوت دەبێتو هەرهەموویان دەکرێ بەکاربهێنرێنو نەوتیان لێبهێندرێتە دەرەوە، ئەمە جگە لەبەرهەمی تری کانزایی بۆنمونە دەرمانئاوا کە هەمووی توخمی کبریتە پێشتر خەڵك ئاوەکەیان وەکو دەرمان بۆ نەخۆشییەکانی پێست بەکار دەهێنا، جگە لەڕووی ئاژەڵدارییەوە لەوەرگەیەکی باشە بۆ مەڕو ماڵاتی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان سوودی زۆریان لێوەرگرتووە.

لایەنێکی تری ئابووری ئەم دەڤەرە گەچی مەخموورە کە بۆ سپیکاری خانوو زۆر بەناوبانگە، بۆیە ئێستا دەیان کارگەی بەرهەمهێنانی گەچ لەم ناوچەیە گەچ بەرهەم دەهێننو بۆ ناوخۆو شارەکانی دی ڕەوانە دەکرێن، بەڵام ڕژێمی بەعسی ڕووخاو جگە لەوەی خەڵکەکەی بەهەموو شێوازێك دەچەوساندەوە بە بەردەوامی سیاستی بەعەرەبکردنو ڕاگواستنی لەسەر خەڵكو شارەکە پەیڕەو دەکرد لەڕووی ئاوەدانکردنەوەش بەهیچ جۆرێك گرنگی بەم ناوچەیە نەدەدا، لەساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی بەعس ڕووخا، ئەم ناوچەیە ئازادەو، لەجیاتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم شارە، مەخموور بووتە بەرداشی نێو دوو ئاش، بەهۆی دوو ئیدارەیی لەلایەك موسڵو لەلایەکی تر هەولێر، بەڵام تائێستا بەفەرمی مەخموور سەر بە پارێزگای موسڵەو هەردوو پارێزگا هەولێرو موسڵ بەکەمی کار بەرەو پێشچوونی مەخموور دەکەن هەریەکەیان چاوەڕێی ئەویتر دەکات پڕۆژەو ئاوەدانکردنەوە لەمەخموور ئەنجامبدات، حکومەتی کوردستان هەولێداوە هەندێ پڕۆژە جێبەجێ بکات بەڵام بەپێی پێویست نییە لەسەردەمی قایمقامی پێشوو مەخموور پێشنەکەوتو هەر وەکو خۆی ماوە، پێویستە قایمقامی نوێ سوود لەهەڵەکانی پێشوو وەربگرێ بەفەرمی گەڕانەوەی قەزای مەخموورە بۆ سەر پارێزگای هەولێر، ئەو کێشەو گرفتانەی لەهەندێ ناوچەی نەگەڕاوە بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان هەیە لەم شارەدا نییە بۆ نمونە ئەو عەرەبانەی بۆ تەعریبکردنی ناوچەکە هاتبوون هەمووی لەشارەکە دەرکرانو گەڕانەوە ناوچەی سەرەکی خۆیان، لەهەمان کاتدا خەڵکی مەخموور بەدەیان خۆپیشاندانی کردووە تاوەکو شارەکەیان بەزووترین کات لەبەر ئەوەی مەخموور لەساڵی ١٩٩٦ بەبڕیارێکی شوومی بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو ئەم شارەی بەهۆی گرنگی جیۆپۆلەتیكو دەوڵەمەندی ناوچەکە خستەسەر پارێزگای موسڵ تا لەپارێزگای هەولێر دابڕێ، بۆیە پێویستە بەبڕیارێك مەخموور بەهەموو ناحیەکانییەوە بخرێتەوە سەرئیدارەی هەولێرو بۆچوونو ڕێگا چارەی وەکو



**گەر باران بەشێوەیەکی ئاساییو بە پێی پێویستی خاکیی ئەم ناوچەیە بباریّ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار تەن دانەوێڵەی لێدێتە بەرهەم**

بەبەرنامەیەکی چڕو پڕ بەهەماهەنگی هەموو لایەك ئەم شارە کە سیماکەی لە گوندێکی بێ خزمەت دەچێت بەرەو پێشەوەی بباتو ئەوەی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو نەیکردو ئەوەی ڕووخاندی کە تائێستا هەر وەکو خۆی ماوەتەوە چاك بکرێتەوەو سیمایەکی شارستانی ببەخشێتە ئەم شارە بێ نازە، ئەوەی گرنگ بێت بۆ بوژاندنەوەی ناوچەکە هەنگاوی یەکەم بگەڕێندرێتەوە سەر پارێزگای هەولێر، هەروا هەوڵبدرێت لە ڕێگەی لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ زیان لێکەوتووانی شاڵاوی نەگریسی بەعەرەبکردنو ڕاگواستن بە زووترین کات قەرەبوو بکرێنەوەو هاوکاری خەڵکە دەرکراوەکە بکرێت لەڕووی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان بۆئەوەی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیانو گوندو دێهاتەکانیان ئاوەدان بکەنەوە . ئەوشەکرەی ستیڤان دیمستۆرا شکاندی کەناحیەی قەراج لەقەزای مەخموور دابڕیو نەخرێتەوە سەر هەولێر، بەهیچ جۆرێك پێشنیاری وا قبول ناکرێتو ئەم دەڤەرە بەهەموو ناحیەکانو پێدەشتەکانییەوە بەشێکن لەسنووری پارێزگای هەولێر بەتایبەتیو خاکێکی دانەبڕاوی باشووری کوردستانن، هەروەك چۆن کەرکوك خانەقینو شنگالو شێخانو هەموو ناوچە کوردستانییەکانی تر تائێستا نەهاتوونەتەوە سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانی مەزنن.

ئەمڕۆ زیاتر لەپێنج ساڵ بەسەر ئازادکردنی دەڤەری مەخموور تێپەردەبێت ، ئەو پێنج ساڵە کەوتە سەر نەهامەتی ناخۆشییەکانی ئەم شارە بۆیە پێویستە خەڵکی ئەم دەڤەرە قەرەبووی ئەم پێنج ساڵەو چەندین ساڵی ژێر دەستەییو چەوساندنەوەو دەربەدەریان بۆ بکرێتەوە بە گەڕاندنەوەیان بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستانو ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی شارەکە لەهەموو ڕوویەکەوە لەئاوەدانکردنەوەی گوندو دێهاتەکانی سەر بەشاری مەخموور، هەروا لەناوەندی شارەکەش پێویستە خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بەخەڵکەکەی بکرێت لەدروستکردنی بیناو خانووی نوێو نەخۆشخانەو خوێندنگای هاوچەرخو پاركو بازاری هاوچەرخو یاریگای وەرزشیو کردنەوەی شوێنی گەشتوگوزارو گرنگیدان بەخانوادەی شەهیدان بۆ ئەوەی مەخموور سیمای شارو قەزا وەربگرێو خەڵکەکەش لەژێر سایەیدا بحەسێنەوە.

**لەجیاتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم شارە، مەخموور بووەتە بەرداشی نێو دوو ئاش، بەهۆی دوو ئیدارەیی لەلایەك موسڵو لەلایەکی تر هەولێر**

shakhewan@yahoo.com

# گەنج لەپەراوێزی دەسەڵاتدا



**سامان قەرەچووغی**

گومان لەوە دانیە تەمەنی (گەنجێتی -لاوی) لەڕووی جەستەییو فیکرییەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ تەمەنی منداڵیو بەساڵاچوویی دا! هەرکاتێکیش باس لەم ڕاستیە بکەین ناچارین ووردبینانەتر ئاماژە بەڕۆڵی ئەم توێژە گرنگەبدەینو پەنجە بخەینە سەرکێشەو گرفتەکانی، بۆئەوەی نەوەیەکی تەندروستو داهێنانەو بەرپرس بنیادبنێین، چونکە تەمەنی گەنجێتی وەك قۆناغێکی هەستیار لەژیانی مرۆڤدا کۆمەڵێ تایبەتمەندی هەیەو دەبێت ڕێزلەم تایبەتمەندییە بگیرێتو کاربۆ خۆشگوزەرانیو گەشەکردنی بیرو بۆچوونەکانی بکرێت، بەداخەوە سەرەتای ئەم گەشەکردنە زانستیە لەهەندێ ووڵاتدا دەبێتە سەرەتای تێکشاندنی جەستەییو کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەم توێژەگرنگە! ئەویش بەبەڕێوەبردنی ململانێیەکی ناتەندروست بۆکپ کردنەوەی تونا جەستەییو فیکرییەکان، بەتایبەتیش ئەو ململانێیە نامەنتقیەی نەوەکانی پێش خۆیان کەبەناوی لادان لەدابو نەریتوئایین..هتد دەبنە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم هێنانەدی خەونەکانی گەنجان، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی سیستەمێکی تۆتالیتاریو خێڵەکی بەڕێوەی دەباتو دیموکراسیەت تیایدا بونی نیە! چونکە دەسەڵات لەم وڵاتانە خۆی بەشێکە لە سیناریۆکە بەو پێیەی دەسەڵات لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبردرێ کەتەمەنیان زۆر لە سەروی تەمەنی گەنجێتیەوەیەو گەنجێتی خۆشیان بە خنکاوی بردۆتەسەر! بۆیە ئامادەنینە دان بەم هەقیقەتە دابنێن کە تەمەنی گەنجێتی لێوان لێوە لەتازەگەریو گۆڕان، گۆڕان لەپێناو باشترکردنی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری، لەبەرئەم هۆکارانەش دەسەڵاتخوازەکان ناچارن کۆمەڵێ دەستەواژەی ناشرین دەخەنە پاڵ ئەم توێژە خۆڕاگرە گوایە نەوەیەکی سەرەڕۆو بێ پڕۆژەنو هەستی نەتەوایەتیو نیشتمانیان لاوازە! لەم کاتەشدا ململانێکە ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی ناگرێتو کۆمەڵێ پرسی لاوەکی دەخرێتە پێش لەکاتێکدا ئەم قسانە دوورە لەڕاستیەوەو تەنیا ووتەی کەسانێکن کەلەدەستدانی کورسیە شڕەکەی خۆیان دەترسن، بەپێچەوانەوە لاوان یاخین لەو یاساچەوتانە! لەو ناعەدالەتیەی کۆمەڵایەتی لەو هەموو بەحیزبی کردنو قۆرخکردنە، لەو فەوزا سیاسیە!. هەمووومان ئەوەباش دەزانین کەتوێژی لاوان گەورەترین لەشکری هێزو داهێنانن لەوڵاتداو، لەرابردوو لەئێستاشدا لاوان قوربانیەکی زۆری داوەو بەخوێنو بازووی ئەو ئەم وڵاتە سەرلەنوێ بنیادنایەوە، کەچی هیچ بایەخێك بەم توێژە خۆڕاگرە نادرێت کەپڕاوپڕە لەهەستی نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری! پەراوێزخستنی ئەم توێژە لەلایەن دەسەڵاتەوە وەك لەدەستدانی عەقڵو دڵی مرۆڤێکە کە لەدواییدا تەنیا جەستەیەکی ساردو سڕو بێ گیان دەمینێتەوە، چونکە ئەم دەستکەوتانەی ئێستامان بەهەوڵو تێکۆشانو قوربانی دانی گەنجانەوە هاتۆتە بەرهەم، هەر ئەوانیش دەتوانن بیانپارێزنو گەشەی پێبدەن.

ئەم جۆرە ململانێیەش مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو هەموو کات دەسەڵات حەزدەکات نەوەیەکی گوێگر دروست بکاتو ئەوەی ئەو بیڵێت پەسەندبکرێت، نەك نەوەیەکی هۆشیارو ڕەخنەگر! ئەمڕۆ ئەم توێژە بەرفراوانە کەتونەتە نێو کۆمەڵێ کێشەوگرفت کەلەئاست تواناکانیان بەدەرو گەر دەسەڵات بەپلانێکی تۆکمەوسەردەمیانە بیرنەکاتەوە بۆچارەسەرکردنی گرفتەکان، ئەوە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر کەسایەتی خودی لاوانو داهاتووی کۆمەڵگاکەشمان.

ڕاستەهەندێ کار ئەنجام دراوە لەبەرژەوەندی گشتی دایەو بەدەیان پڕۆژەی بیناسازی شەڕ لەگەڵ هەورەتریشقە دەکەن! بەڵام بەلاوان چی؟ کاتیك خۆی خاوەنی بستێك زەویو داهاتیکی سەربەخۆنەبێت، خەڵکانێکیش هەر بەداهاتی ئەودەبنە خاوەنی کۆشكو تەلارو کۆمپانیای دەولی، گەورەترین کێشەی دونیای لاوان ئەمڕۆ لەو وڵاتەی ئێمە کەسیاسەتمەدارو مشەخۆران بەبەهەشت ناوی دەبەن بونی جیاوازیەکی گەورەیە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ بە گشتیو پیاوانی دەسەڵات بەتایبەتی، ئەم جیاوازیە زۆر زەقترو ناشرینترە لەململانێی چینایەتی چونکە کێشەکان ڕۆژبەڕۆژ زیاترپەرەدەسێنێو خەڵکەکە بێ ئومێدتر دەکات، لەبەرامبەر دەسەڵاتو ئایندە! بەتایبەتیش گرفتی دارایی کە بەناوی بازاری ئازاد، خەریکە کەرتی تایبەتو بازرگانەکان حکومەت ناشرینتر دەکەنو ئەو کۆمپانیاو کارگانەی فرۆشراونەتەوە کەرتی تایبەت بەئارەزووی خۆیان سەدان گەنجی کرێکاری کورد لەوشوێنانە دەردەکرێتو کرێکاری بیانی لەشوێنیان دادەمەزرێت جگە لەو دێوەزمەیەی خەریکە بەناوی بازاری ئازادەوە هەموومان دەهاریّ!

**هەموو کات دەسەڵات حەزدەکات نەوەیەکی گوێگر دروست بکاتو ئەوەی ئەو بیڵێت پەسەندبکرێت**

ئەمڕۆ لاوان لەناو دەیان کێشەی تری وەك کەمی هاوسەرگیریو زۆری قەیرەکچیو نەبونی شوێنی نیشتەجێ بونو دیاردەی کۆچو بێکاریو دەیانو سەدان کێشەی دیکەی کۆمەلایەتی دەتلێنەوە! کوا ئەوکارگە گەورانەی حکومەت بەهێزەدەکاتو ئێمەی لاوانیش بێ کارناکات؟! بێگومان دروستبوونی ئەوهەمووە قەیرانەپێوستی بەراوێژو دیالۆك هەیە لەنێوان دەسەڵاتو توێژەکان بە تایبەتیش توێژی لاوان کەپرشکی گەورەیان بەرکەوتووە لەوهەموو قەیرانە، بۆیە پێویستە دەسەڵاتداران زەمینەیەکی زیاتر بڕەخسێنن بۆ بەیەکەوە کارکردنو شەفافیەتکردنی دەسەلات دەبێت هەمووڵایەکمان ئەو ڕاستیەش بزانین جگە لەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسکراوە کە بونەتە بەربەست لە بەردەم ژیانی گەنجانمان ئەوا خودی لاوانیشمان هۆکارن بۆ تەشەنەکردنی گرفتەکان! چونکە لە زۆر کاتدا لاوان ملکەچی دابو نەریتەکانو بێ دەنگن لەئاست هۆشیاریو ڕۆشنبیری زۆربەی لاوانمان بەپێی پێویست نیەو بەبەڵێو نەخێری حزب گەشەدەکەنو کۆك نین لەسەرخاڵە جەوهەرییەکان! هەرچەندە ئەمڕۆ نوخبەیەکی باشی لاوان دەیەوێت بەشێکی کاریگەر بێت لەنێوەندی دەسەلاتو بڕیاردانەدا بۆئەوەی ژیان جوانتر بکات، بەڵام ئەم نوخبەیە پێویستی بەپاڵپشتی زیاترهەیە، چونکە(گۆڕان) لەسیستەمە چەق بەستوەکان پێویستی بەخۆ ڕێکخستنو گۆشکردنێکی زیاتر هەیە، دەبێت دەسەڵاتیش ئەوەبزانێت ناکرێت هەموو گۆڕانێك بەناشرینو لادان لەدابو نەریت بزانیّ؟! بەڵکو گۆڕان لەپێناو ژیانێکی خۆشتر جۆرێکە لەتێروانینە گەشبینیەکانی لاوان بۆ ئایندەیەکی باشتر.